سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران ڕازامەندی لەسەر دامەزراندنی "پارێزگای زوبەر" دەدات

سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕازامەندی لەسەر دامەزراندنی "پارێزگای زوبەر" دەدات و داواکارییەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکات بۆ پەسەندکردنی.

بەگوێرەی نوسراوێکی پەرلەمانی عێراق کە واژۆی سەفوان بەشیر جەرجری ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی نوێنەرانی لەسەرە و ئاماژەی نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق کراوە تێیدا هاتوە، دوای ڕەزامەندی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران و جێگرەکانی و ئەندامانی پەرلەمان، کە 100 پەرلەمانتار واژیان کردوە، داوادەکەین ڕەزامەندی بدەن لەسەر بە پارێزگاکردنی قەزای زوبەر بەپێی یاسا و ڕێنماییەی کارپێکراوەکان.

قەزای زوبەر قەزایەکی عێراقییە دەکەوێتە ڕۆژئاوای پارێزگای بەسرە، لە 2ی (کانونی دووەم/1)ی 1964 دامەزراوە، ڕووبەرەکەی 11 هەزار و 618 کیلۆمەتری چوارگۆشێیە و هەریەك لە ناحیەکانی سەفوان و ئوم قەسر لەخێدەگرێت و کەی گشتی ژمارەی دانیشتوانەکەشی نزیکەی 930 هەزار کەسە.

ئەو داواکاریەی لەو کاتەکدایە 14ی ئەم مانگە، پەرلەمانی دەنگی لە سەر پرۆژە یاسای بە پارێزگابونی هەبجەدا کە لە هەر چوار مادەو و هەکارەکانی دەرچونی یاساکە پێکهاتوە و بەفەرمی بو بە 19ەمین پارێزگای عێراق.